PDF4Kurd

ژنێکی بیرکاریزان و فەیلەسوف و شۆڕشگێڕی فەرەنساوی بوو.

59- جەژنی مژدە: جەژنێکە کە هەموو ساڵێك مەسیحیان لە 25ی مارسدا دەیگێڕن. بە باوەڕی وان ڕێك لەم کاتەدا جبرائیلی فریسشتە مژدەی بە مریەمی دایکی عیسادا کە عیسای لێ دەبێ.

60- ئادڤینت: بە گوێرەی تەقویمی مەسیحی، قۆناغی چوار هەفتەی پێش لە دایك بوونی مەسیحە، کە وەرزی تۆبەو تۆبەکارییە،

61- پاسیون: خەم و عەزابی عیسایە لە کاتی دوا شامییەوە تا کاتی مردنی.

62- رابوونی پاش مەرگی عیسا: بە باوەڕی کاتولیکەکان، عیسا پاش ئەوەی کە بە خاك سپێردرا، لە گۆڕەکەی هەستایەوەو بەرەو ئاسمان هەڵکشا.

63- بە پێی تەقویمی ئاینی مەسیحیان جەژنی پەنجامینە بەرانبەر بە هەوتەمین یەکشەمەی دوای جەژنی پاکە، مەسیحیان لەم رۆژەدا بە یادی هاتنە خوارەوەی روح القدس، و هەروەها بە یادی دامەزرێنەری کڵێسای مەسیح-ەوە جەژن دەگێڕن.

64- ڤیکتۆر ئیمانۆئیل (1869- 1947):

شای ئیتاڵیا بوو لە ساڵانی (1900- 1946)دا.

65- شابانۆ مارگریتا (1851- 1925):

شابانۆی ئیتاڵیا بوو، و لە خانەدانی ساڤوی بوو.

66- داگیرکاری نەمسا: پاپا، ساڵانێکی زۆر لە دژی ئەو کەسانەی کە هەوڵیاندەدا ئیتاڵیا یەکبخەن و ئازاد بکەن وەستاو لایەنگری نەمسای کردبوو.

67- پسکارا: بەندەری ئیتاڵیای ناوەندی بوو لە دەریای ئادریاتێك.

68- پراتو: ویلایەتێکی ئیتاڵیای مەرکەزی بوو لە توسکانی.

69- فیوم: گەورەترین بەندەری یوگسلاڤی بوو لە کەناری دەریای ئادریاتیك.

70- ئیلیونورا دوزە (1859- 1924):

ژنێکی ئیتاڵیایی ئەکتەر بوو، کە بە یەکێك لە هونەرمەندو ئەکتەرە هەرە گەورەکانی دنیا دەژمێردرا.

سەرچاوە:

تاریخ ادبیات جهان (جلد اول)

باکنرب- تراویك/ عربعلی رضائي

ویراستار: سعید حمیدیان

PDF4Kurd

تۆمەتی ئاگربەردان رەوانەی حەپسی تەمبیٚ کاری دەکریٚ، بەلاٚم ئەنجام ژنیٚك کە لەبەر دەرگا چاوەرِیٚیەتی، ئازادی بۆ دەگەرِیٚنیٚتەوە.

"شەرەف" (دەرهیٚنان: 1889، بلاٚوبوونەوە: 1890):

یەکەمین شانۆنامەی زودرمانە کە بە باشی کاریگەریی ئیبسنی پیٚوە دەردەکەویٚ. جیاوازی نیٚوان چەمکی شەرەف لە روانگەی خانەوادەی کارخانەداریٚكو لە روانگەی خانەوادەی کریٚکاریٚکی هەژاری هەمان کارخانەدا تیمەو نیٚوەرِۆکی سەرەکی ئەم درامایەیە. ئەنجامگیری فەلسەفی دراماکە ئەمەیە کە "شەرەفی قەراردادی یەکیٚکە لە درۆ قەراردادییەکان"، کابرای کارخانەدار کە کورِەکەی بووەتە باعیسی نەنگو ئابرِوچوونی کیژی کریٚکاری کارخانەکە، چەکیٚکی گەورە بە ناوی کیژەوە دەنیٚریٚ، هەم دایكو باوکەکەو هەم کیژەکە بە تاسەوە چەکەکە قبوولٚ دەکەن. بەلاٚم کورِی مالٚەکە کە چەمکیٚکی بەرزتری بۆ شەرەف لە زەینداییە، زۆر دەشەمزیٚو خەفەت دەخوات. پشت دەکاتە خانەوادە حەقیرەکەی خۆی، هەرِەشەیەك بۆ کارخانەدارەکە دەنیٚریٚ، و پاشان لەگەلٚ کیژەکەی ویدا دەرەڤیٚ.
سۆنگەی گریٚکردنەوەی ئەم درامایە تا رادەیەك لاواز دیٚتە بەرچاو، لیٚ دیمەنی دراماکە گەرمو گورِو دلٚگرە، و پلۆتی ئاشکراو راستەوخۆی مەسەلە ئەخلاقییەکانی کتیٚبەکەش بووە مایەی پیٚشوازی گەرمو گورِی ئالٚمانیانی سەردەمی زودرمان.

"زاگە یا ماگدا- 1889":

زودرمان لەم درامایەدا جاریٚکی دی هیٚرش دەکاتە سەر ویٚنا نا دروستەکان دەربارەی شەرەف، قارەمانی ژنی دراماکە، ماگدا (دی هایمات)، بۆ رزگاربوون لە جەوری بابی، کە ئەفسەریٚکی پیری سوپایە، شاری زیٚدی خۆی بەجیٚدیٚلیٚ.
فریوی پاریٚزەریٚکی لاو دەخواتو پاشان بە داویٚنی لەوتاوەوە بە تەنیٚ دەمیٚنیٚتەوە. ئاقیبەت روو دەکاتە دنیای ئەکتەری و کە ناوبانگ دەردەکات دەچیٚتە دیداری بابیو زیٚدی خۆی. باوکە کە واریقاتی پاریٚزەری فیٚلٚباز دەژنەویٚ، پیٚ دا دەگریٚ لەسەر ئەوەی کە ماگدا بۆ پاراستنی ئابرِووی خانەوادەیی، لەگەلٚ پاریٚزەرەکەدا زەماوەند بکات. کابرای لاو بەم مەرجەی کە ماگدا دەست لە ئەکتەری هەلٚگریٚ، بە ناچاری مل بۆ زەماوەندەکە دەدا. ماگدا لەبەر خاتری بابە پیرەکەی مەرجەکە قبوولٚ دەکات، بەلاٚم لە بەرانبەر پیٚ داگرتنی پاریٚزەکە کە داوای لیٚدەکات واز لە منالٚەکەشی بیٚنیٚ هەلٚویٚست گیری دەکات. بابەکە تورە دەبیٚو هەلٚدەکیٚشیٚتە دەمانچە تا ماگدا بکوژیٚت، بەلاٚم بەخۆی لە ئەنجامی سەکتەیەکی کوتوپرِدا دەکەویٚتە سەر زەوی.

PDF4Kurd

# بەشی پێنجەم

## ئەدەبیاتی رووسیا

## لە

## سەردەمی زێرِێندا

1883 -1820

**سەرەتایەکی مێژوویی:**

کۆنترین دانیشتوانی ناسراوی روسیا، سلاڤانی رۆژ هەلاتین کە لقێکن لە نەژادی هندو ئەوروپایی، و پێدەچیٚ رۆژیٚ لە رۆژان لە کەنارەکانی روباری دانوبدا ژیا بن، لە سەدەی نۆیەمی زاینیدا رێکخراوێکی زاهیری سیاسی هەبووە، و کییف و نوڤگورود بە دوو مەڵبەندی سەرەکی شارستانیەت و کەلتووری هاتوونەتە ژماردن. ئاینی سەرەتایی سلاڤیانی رۆژهەلاتی پەرستنی روحیانەتی پێشینان و هێزێن سروشت بووە.

PDF4Kurd

ئالفیری
مانزونی
لیوپاردی
کاردۆچی
دانونتسیۆ
پیراندیلو

بەشی دووەم
ئەدەبیاتی فەرەنسا

*3- رێنیسانس (1494- 1600)*
رابلیە (رابلێ)
کالون
پلیادان
رونسار
دوبلێ
مونتنی
شانۆنامە
تراجیدیا

*4- سەدەی هەڤدەیەم*
شانۆنامە
تراجیدیا
کۆمیدیا
فابیل

*5- سەدەی هەژدەیەم، سەردەمی رۆشنگەری*
ڤولتیر
رۆسۆ

*6- سەردەمی رۆمانتیك (1800- 1842)*
رۆمان
رۆمانێن هەستۆکی (ئیحساساتی)

